دارایی عێراق داوای زانیاری فەرمانبەرانی هەرێم بە تۆتینی مووچە بەپێی بڕیاری دادگای فیدراڵی دەکات

وەزارەتی دارایی عێراق لەگەڵ لیستی مووچەی مانگی یەکی ئەمساڵ چەند مەرجێکی داناوە بە حکومەتی هەرێم.

ئەمڕۆ سێشەممە ١١ـی شوباتـی ٢٠٢٥، بەپێی نوسراوێکی وەزارەتی دارایی عێراق کە ئاڕاستەی حکومەتی هەرێمی کردووە تێیدا هاتووە، لەگەڵ لیستی مووچەی مانگی یەک، داوای زانیاری فەرمانبەرانی بە تۆتینی مووچە بەپێی بڕیاری دادگای فیدراڵی کردووە، هەروەها داوای داهاتی نانۆتیشی کردووە.

ئاماژە بەوەشکراوە، ئەگەر هەرێم پابەندبێت بەو رێکەوتنەوە، مووچەی ئەمساڵ بەبەردەوامی و بەبێ کێشە دەنێرێت.